# چاو پیکەوتنی دەنگەکان لە گەڵ شاعیر حەمەعەزیز

هاوینی 2003 بوو ، بۆ بەخێر هاتنی کاکە حەمە عەزیز بو شاری ڤانکوڤەر ، چووم سەردانێکم کرد و لە نزیکەوە پیٚ ئاشنا بووم ، هەر ئەو دەمە کەڵکەڵەی چاوپیکەوتنیکی دی و دیداریکی ئەدەبیم کەوتە خەیاڵەوە . ئیتر لەو ساوە چاوەڕیٚ ی



هەڵیٚک بووم ، ئیتر لەم ڕۆژانەی ڕابردوو هاتم بە نیازی ئەوچاوپیکەوتن و دیدارە ئەدەبی یە چەپکیٚ پرسیارم کرد بە دەسکەنەو لە ماڵەکەی خۆیدا ئاراستەی کاکە حەمەم کرد . ئەویش جگە لە والاّ کردنی ئامیٚز بۆ چاوپکەوتنەکە و ئاویٚتە بوونی شاعیرانە بۆ دیدارەکە ، بەوپەڕی دلگەرمی وپەرۆشی یەوە هاتە وەڵاّم دانەوەی پرسیارەکانم .

ڕزگار : – سەرەتا کاک ( حەمەعەزیز ) دەمەویٚ خۆت بە خویٚنەران بناسیٚنیت ؟

حەمە عەزیز : – نامەویٚ ئەوە ئاراستەی خویٚنەرو بەریٚزت بکەم ساڵی چەند لە دایک بووم و چی ساڵیٚ بۆ قۆناغەکانی خویٚندن خراومەتە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ، پاشان چی ساڵیٚکی تر قۆناغی زانکۆم تەواو کردووە !
بەڵکو دەمەویٚ ئەوەت پیٚ بڵیٚم کە ( حەمە عەزیز ) لە دایک بووی نیشتمانیٚکی زامداری پارچە بارچە کراوەو .. گویٚ ی بە هاوارو ناڵینی ستەم دیدەیی زرنگاوەتەوەو ، دەمی بە داخ و کسپە بە سویٚ کانی خاکی نیشتمانەکەیدا گەورەبووە وپاشان لە گەڵ بیٚ سرەوتن و دڵە ڕاوکیٚ ی بەردەوام دا بووە بە هاوڕیٚ ی .. هەتا ئەمڕۆ کە لە ناو مەرگە ساتەکانی مەرگیٚکی لە سەرخۆو ئارامی غوربەت لە تاراوگەدا ژیان ! بەڵیٚ ئەبیٚ بڵیٚین ژیان ئەگوزەریٚنیٚ .

ڕزگار : – ئەم خەم و ڕەشبینی یە بۆ ؟

حەمە عەزیز : – وازم لیٚ بیٚنە ... ئەمە هیٚشتا بەرکولیٚکە لە واقیعیٚکی هیٚجگارتاڵ و ڕۆژگاریٚکی پڕ لە نائومیٚدی کە تەنیا ڕۆمانیٚک نەبیٚ هیچ شتیٚ دەرگای تەسەللایی و سرەوتنی لیٚ ناخاتە سەرپشت .

ڕزگار : – بە لە بەرچاو گرتنی ئەم وەڵاّمەت ، ئەزموونی تۆ لە گەڵ شیعردا چۆن لیٚک بدەینەوە ؟

حەمە عەزیز : – بە ڕاستی دەزانم و زۆر ئاسایی یە ئەگەر بڵیٚم شیعر شانبە شانی خواردن و ئاوبگرە زیاتریش پیٚویستە بۆ بەردەوامی ژیانم . ئەمە چەمکی من وتیٚگەیشتنم بیٚ بۆ شیعر و ئەبیٚ ئەزموونی من بۆ ئەو چی بیٚ ؟
من هەر لە تەمەنی هەژدە ساڵیمەوە هاوڕیٚ یەکی بە ئەمەکی شیعر بوومە ، ئەگەر بڵیٚم لە جوانی و ناسکی شیعرەوە سەیری جوانیەکانم کردووە بە پیا هەڵدان و زیٚدە ستایشی مەزانە . شیعری شاعیرە پیٚشەنگەکانی کلاسیکی کورد وەک ( ناڵی و سالم و مەحوی و مەولەوی و کوردی ) و دواتر ( بیٚخود و ناری و حەریق و حەمدی و ... تاد ) خولیای خویٚندنەوەیان و سەرمەستیم بۆ بەرزی چیٚژو واتایان فیٚری ئەوەیان کردم یان ڕاستر بڵیٚم کوتە کەڵکەڵەم کە فیٚری کیٚش و سەروای (عەروز) بم لە پاڵ گەڕانم لە وای نهیٚنیەکانی ڕەوان بیٚژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە ڕووی واتاو ویٚنەی شیعری و ناسکی خەیاڵ و بەرجەستە بوونی سۆزو هەست لەم ڕەگەزانەدا . ئینجا جۆرەکانی شیعر لە شیعری کلاسیکی کوردیدا .
ئەمانە بە ڕاستی ڕشتە* خەیاڵ وویٚنەی شیعری و سەرنجی قوڵیان بۆ شیعر وەک بابەت لە مندا بە گەرمیەوە بیٚ گەیاندو تۆکمە کرد . وەک ئەزموون لە دوای نیوەی یەکەمی حەفتاکانەوە ئەمانەی ووتم شیعریان پیٚ نوسیم و لە هەنگاو نانیٚکی سەرەتایی یانەدا ئەو ساڵانە چەند شیعریٚکم نووسی ، بەڵام وەک شاعیرە نویٚخوازو تازەگەرییەکانی ( گاروانی شیعر* کوردی ) هەتا پیٚم کرا بە ووشەی ناسک و ڕەوانی کوردیەوە هاتمە گۆڕەپانی شیعرەوە ، خۆم قورخ وپاوان کرد لە بە کارهیٚنانی ووشەی بیٚگانە بە زمانی زگماکی خۆم . مەگەر ناچاری و نەزانینم بۆ بۆ ووشەیەکی خۆماڵی و کوردی سەری کردبم بە کۆشی زمانی بیٚگانەدا .. دەنا ئیٚستاش هەتا ووشەیەکی کوردی هەبیٚ ئاوڕ لە ووشەی نامۆ بە زمانی کوردی نادەمەوە . ئەمە دەمارگیری وسەرسەختی من نیە بۆ زمان و ووشەی بیٚگانە ، بەڵکو

ئەوینێکە لە دڵ کەللەم دا بۆ ئەو زمانەی پێ ی گۆش کراوم . شاعیرو نووسەری گەلانی سەر ئەم گۆی زەوی یە بە زمانی گەلەکەیان دەنوسن و قسە دەکەن ئیدی منیش بە ڕەوای دەزانم هەتا پێم بکرێ شیعرەکانم بە ووشەو زارەوەی زمانی گەلەکەم پاراو و گۆش بکەم .

ڕزگار : – دەتوانی شیعرێک لە شیعرە سەرەتایی یەکانت وەک نموونە بخەیتە بەرچاوی خوێنەران ؟

حەمە عەزیز :– ئاسایی یە دو کۆپلە لە شیعری ڕەوتی ژیان دەخەمە بەرچاو کە لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی حەفتادا نووسیومە :



ئەوی ئێستا مەیەستمە لەم قسانەئەی پەری زادەم
کە بێت تیر لە لات سکاڵا کەم لە دەست ئەم ژینە ناشادەم
ئەگەرچی تۆ شەماڵێک بووی بەرێکەوت ڕوت لەرێگەم نا
بەڵام من وەک نەمامێکم کە ئەم سەرە ڕێ یە بەرنادەم
گەلێکم دی وەکو تۆ هاتن و ڕۆین لەرێگەم دا
بە نیگا جێ ی برینێکیان لە ڕوانگەی قوڵی دیدەم دا
گوڵێک بون هەڵوەرین ڕۆین وەکو فرمێسکی هەڵڕشتوم
کە ئێستا جوانەمەرگێکن لە هەست و ناخی سینەم دا

ڕزگار :– تۆ خۆت لە کام شێوەیاندا دەبینیتەوە ، ئەوانەی کە پێیان وایە نووسینی شیعری زۆرو بەردەوام ئاماژەیە بۆ داهێنان و وشک نەبوونەوەی سەرچاوەی شیعری شاعیر ، یان ئەوانەی بە چەند شیعرێکی کەم داهێنانی نوێ لە شیعرەکانیاندا و شیعربە گشتی بەر پا دەکەن ؟

حەمە عەزیز : – بە چاو خشاندن بە مێژووی شیعری کوردیدا گەلێک بەڵگەو نموونەمان لە هەردوو بۆچوونەکەدا دەخاتە پێش چاو ، بەڵام بۆچوونی دووایی نەک بە لای منەوە بەڵکو بە لای پسپۆڕو شارەزایانی شیعری کوردیشەوە ڕاست و ڕەواترە . بۆ نمونە لەو ڕۆژگارو قۆناغەدا کە نالی شیعری تیا نووسیوە یان دوای ئەو دەشێ چەندین شاعیر هەبووبێ کە بە شێوازی شیعری کلاسیکی شیعریان نووسیبێ ، بەڵام نالی لە تیایاندا سوارچاک و پێشڕەوی قۆناغەکەی خۆیەتی .
ئەمەی کە دەیڵێم لەوانەیە هەبێت دووجار بە هێندەی دیوانەکەی نالی شیعری هەبووبێ ، چونکە لەڕووی داهێنانەوە وێنەی شیعری و خەیاڵدا سەلیقەی نەبووەو نەگەیشتۆتە ئاستی نالی یان وەکو ئەو داهێنەر نەبووە لە بەر ئەوە بە پێشڕەوی شیعری کلاسیکی کوردی دانانرێ وەهەژمار ناکرێ.

ڕزگار :– لە ئەزمونی شیعری تۆدا ، زۆر جار خوێنەری شیعرەکانت ، یان گوێگری ئەو گۆرانیانەی کەشیعری تۆیە و کەلەلایەن هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانەوە کراون بە گۆرانی هەست بە گۆرانی گەورە دەکا لەم شیعرت بۆ ئەو شیعرت ، بۆ نموونە لە ناسکترین شیعری دڵدارییەوە تا دەگاتە شیعرێک کە بۆ سروود یان ئیلیتیزامێکی دیاری کراو نووسرابێ ، خۆت ئەمە چۆن لێک دەدیتەوە ؟

حەمە عەزیز :– من بۆ خۆم نەک لە شیعردا هەتا لە پۆشاک لەبەرکردن و خواردن و سەیران گەشت و گفتارو ڕەفتاری ڕۆژانەم دا حەزم لە گۆڕان و گۆڕانکاریە ، ئەمانەش بە تێکرا تیشکیان داوەتەوە لە ویست و ئارەزووەکانم دا ، هەمیە بە دڵ گەرمی و مشورەوە پەرۆشی ئەوەم گۆڕانکاری بە سەر خۆمدا بهێنم و نەک وەکو دیاردە بەڵکو وەکو کرۆک و قۆناغ . هەر ئەمەشە وەکو تۆ باسی دەکەیت و خوێنەرانی شیعر لە ( حەمە عەزیزدا ) ڕەچاوی دەکەن کە شیعری سەرەتاکانم لە ڕووی وێنەو چێژو واتاوە جیاوازی هەبێ لە گەڵ شیعری ئەمڕۆمدا .
من وەکو خوێنەر شیعری خۆم هەڵدەسەنگێنم و دەزانم لاوازی و هێزو گوڕی شیعری بەرهەمەکانی خۆم دەست نیشان دەکەم . زۆر جار شیعرم نوسیوە دوای تەواو بوون و بە سەردا چوونەوەم گەیشتومەتە ئەو ئاستەو زانیومە دوبارە کردنەوەو ووتنەوەی شیعرێکی ترمە، دڕاندومەو نەم کردووە بە ئەندامێکی نوێ لە بنەماڵەی شیعردا .

ڕزگار : تۆ لەو دووبەرگە شیعرەی کە بە ناوی ( لە چاوی شیعرەوە ) بە چاپت گەیاندون هیچ بەرهەمێکی ترت لە دوای ئەمانەوە وەک چاپکراو سۆراخی نی یە. ئایا هیچ بەرهەمێکی ترت لە گەلاڵە کردووە بۆ بە چاپ گەیاندن ؟

دوای بێ دەنگی یەکی کەم ، هاتەوە وەڵام

حەمە عەزیز : لە ویژدانەوە دەلێم ئەگەر دەزانی ئەو دووبەرگە چۆن گەلالەم کردوون و خستومنەتە پرۆژەی چاپ کردنەوە سەیرت لێ دێ و سەرت دەسورمێ . قەینا با نەکەومە سەرو بن کردنی ئەو سەر بوردەیە ، خۆت دەزانی مرۆڤی کەم دەرامەت لە بەجێ هێنان و دەستەبەرکردنی ئاوات و ئارەزووەکانی دا بەو دەردەی من دەچێ و چووشە .

سەبارەت بە بەرهەمی ئایندەی شیعرەکانم کەوتومەتەسەر کەلکەڵەی پاک نووسی ئەو شیعرانەی کە تا ئێستا بە چاپم نەگایندوون وبە تەمام ئەگەر هەلی بە چاپ گەیاندنیانم بۆ برەخسێ بیخەمەبەر دیدەی خوێنەران . ئەمە دەردی بە چاپ گەیاندنی شیعرە کلۆڵەکانی منە ، کەسانێکیش کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی لە پشتەوەیە مەپرسە لە ئاسان کاری ودەستی هاندان بۆ بە چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانیان .

ڕزگار :- کاک حەمە عەزیز ، ئایندەی کوردستان و عێراق چۆن دەبینی ؟ دڵتەنگیەکانت ، پێشبینیەکانت ، دڵخۆشیەکانت ، سەبارەت بەوەی دەگوزەرێ لە چیدا کۆدەبێتەوە ؟

حەمە عەزیز : - بێ گومان ئێستا من لە کوردستان ناژیم ، بەلام ئەوەی لە میدیا کوردیەکانەوە دەیبینم و دەیبیستم تێکرا هەمووی ئاماژەو باس لە دوارۆژێکی گەش و ئایندەیەکی ڕوون دەکات بۆ کوردستان و گەلی کورد . منیش وەک هاولاتیەکی کورد شادان و کامەرانم بە ڕەوشی ئەمرۆی کوردستان و گەلەکەم ، خوازیارم خەلکی ستەم دیدەو ماندووی گەلەکەم جارێکی دی نەخرێتەوە بەر مەترسی نەمان وگۆڕی بە کۆمەل و کیمیاوی کردن .

ئەلبەت دەمەوێ بلێم ئەو قسانەی کە سەرکردە حزبەکان دەیکەن تەنیا گفتار نەبێ بۆ بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان و حزبەکانیان ، بەلکو کرداری ڕاپەراندن و جێ بەجێکردنیشی لە دوابێ بۆ سەقام گیر کردنی خۆش بژێوی وئازادیەکان و داد پەروەری بۆ خەلکی کوردستان و ، تەرازووی دیموکراتیەت لاسەنگ نەکەن بەلای مەرامە حزبی و کەسەکانی خۆیاندا.

ئایندەی عێراقیش پابەندە بە ئایندەی کوردستانەوە ، هەرچ نکۆلی و کەمتەرخەمیەک لە جێ بەجێکردنی بریارەکانی ( یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت ) دا بۆ کوردستان بێتە کایەوە ، بە دڵنیایی یەوە دەیلێم جەستەی ئاسایش و پێکەوە ژیانی ئاشتی و برایەتی لە عێراقدا تووشی گۆجی وکەم ئەندامی دەبێ .

ڕزگار : - کاکە حەمە عەزیز ، بە کورتی سەبارەت بە مانە دەڵێ ی چی ؟

ئەدەب و سیاسەت ؟

حەمە عەزیز :- دوو دونیای لە یەک جیاوازو دورن لە ڕووی کردارەوە . لە ئەدەبدا هەلنوتن خەنجەر وەشاندن و لە پشتەوە کێ برکێ ی نادروست لە سەر کورسی دەسەلات و برا کوژی و وێرانکاری جینۆسایدو ئەنفال وژاراوی کردن ژینگەو مرۆڤ ، ڕەو کردنی بە خەلک نیە . هەروەها لە سیاسەتیش دا وێنەی شیعری ناسک و ئاوازەی خەیال و سۆزی بەرجەستەو ئاوێنە بە ناخی بێ گەردو هەستی پاراوی شاعیرانەوە نیە .

ڕزگار :- عەشق ؟

حەمە عەزیز : - ئەو نامەیەی لە خەون دا هەمیشە وەری دەگرم ، بەلام لە بەئاگایدا نەدراوتە دەستم .

ڕزگار : - سیاسەتمەدارێکی خاوەن قەلەم سەرنجی تۆی ڕاکێشابێ ؟

حەمە عەزیز : - ئیبراهیم عەلی زادە . قەلەمێکی بە برشت لە ووتاری سیاسی دا ، ووردبین و هۆشیار لە ڕوداوە پێش هات و چاوە ڕوانکراوەکانی مەسەلەی سیاسەتدا ، ئاسای و خاکی و خۆڕاگەر لە پێشمەرگایەتیدا ، لێ بووردەو دلپاک و بێ گەرد لە دەسەلات و هاورێیەتیدا .

ڕزگار :- شاعیر ( ئەحمەدی شاملو ) ؟

حەمە عەزیز : - شاعیرێکی گەورەی ئەم سەردەمەی ئێرانە ، بەرهەمەکانی وەک پێویست وەرنەگێراوەتە سەر زمانی کوردی . ئەوەندەی لە یادم بێ دوو یان سێ پارچە شیعری لە لایەن برادەرێکەوە وەرگێردرابووە سەر زمانی کوردی ، بەلام لە بەر ئەوەی بە شارەزایانە کاری وەرگێرانەکەی ئەنجام نەدابوو چێژم لێ نەبینی .

ڕزگار :- کاکە حەمە عەزیز ، دوا ووتەت بۆ خوێنەرانی دەنگەکان چی یە ؟

حەمە عەزیز :- دەست خۆشانەت لێ دەکەم بۆ دیدارو چاوپێکەوتنەکەت لەگەل مندا ، ئەوانەی پرسیت وەلامم داونەتەوە لە ویژدان و پاکێتی یەوە ، دوور لە گێچەل و مەرامی قین .

**ڤانکۆڤەر- 2005\2\10**